سەرۆك وەزیران: ڕێگای چاكسازی درێژە، حكومەت دەستی كردووە بە دانانی زەمینەسازی بۆی

ئەمڕۆ پێنجشەممە، سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، تەئكیدیكردەوە: ڕێگای چاكسازی درێژە و حكومەت دەستی كردووە بە دانانی زەمینەسازی بۆی لەماوەی درێژخایەندا.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆك وەزیران لە بەیاننامەیەكدا ڕایگەیاند: سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، پێشوازی لە باڵیۆزانی گروپی پەیوەندی ئابوری عێراق (IECG) كرد، كە نوێنەرایەتی وڵاتانی گەورەی ئابووری دەكات، فەڕەنسا، بەریتانیا، ئیتاڵیا، ئیسپانیا، ئەمریكا، ژاپۆن، كەنەدا، جگە لە باڵیۆزی یەكێتی ئەوروپا.

لە میانی دیدارەكەدا سەرۆك وەزیران، ئەو هەوڵانەی بەرز نرخاند كە لە قۆناغە جیاوازەكانی ڕابردوودا دراون بۆ پاڵپشتیكردنی عێراق، هاوكات سوپاس و پێزانینی خۆی بۆ ئەمریكا و ئیتاڵیا دەربڕی كە سەرۆكایەتی گروپەكە بوون، بۆ ئەو كار و پەیوەندییانەی كە پێشكەشیان كرد، و جەختیشیكردەوە: لەبەردەوامی هاوكاری لەگەڵ سەرۆكایەتی داهاتوو كە شانشینی یەكگرتوو و فەڕەنسا نوێنەرایەتی دەكەن، بە مەبەستی گەیشتن بەو ئامانجانەی كە ئەم گرووپە بۆیان پێكهێنراوە.

هەروەها ئاماژەی كرد: بە دیدگای حكومەت سەبارەت بەو چاكسازییە ئابووری و دارایی و بانكی و گومرگیانەی كە دەستیكردووە بە جێبەجێكردنی، و جددیەتی لە دامەزراندنی ڕێبازێكی كاركردنی داهاتوو،

جگە لە هەوڵەکانی لە جێبەجێکردنی بەڵێنەکانی لە چوارچێوەی بەرنامەی وەزاریدا، و ئەو پێنج ئەولەویەتەی کە لە بەرنامەی جێبەجێکردنیدا جێگیرکرابوون.

سودانی تەئکیدیکردەوە: کە ئەو پڕۆژە ستراتیژیانەی کە دەبنە بنەمایەکی گرنگ بۆ ریفۆرمی ئابووری عێراق، کە ڕێگای گەشەپێدان و پڕۆژەکانی غاز و وزەی نوێبووەوەن، و وتیشی: حکومەت درك بەوە دەکات کە ڕێگای چاکسازی درێژە، بەڵام دەستیکردووە بە دانانی زەمینەسازی بۆی لە درێژخایەندا، ئەمەش یارمەتیدەر دەبێت بۆ حکومەتەکانی داهاتوو بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکانیان.

لای خۆیانەوە نوێنەرانی گروپی پەیوەندییەکە، گرنگی و گەشبینییەکی زۆریان بە سیاسەتەکانی حکومەت لە بواری ئابووریدا دەربڕی، هەروەها ئاماژەیان بە بابەتە کەڵەکەبووەکانی ڕابردوو کرد کە حکومەت دەستیکردووە بە چارەسەرکردنی.

هاوکات باڵیۆزی ئیتاڵیا، وەسفکردنی حکومەت بە دەستکەوتەکان، و ئامادەکردنی بودجەیەکی جیاواز کە بیرۆکەی نوێی وەك سندوقی عێراق بۆ گەشەپێدان و دابینکردنی گەرەنتی سەروەری بۆ کەرتی تایبەت لەخۆدەگرێت بەرز نرخاند.

هەروەها باڵیۆزی ئەمەریکا لە عێراق، ستایشی هەنگاوەکانی سەرکەوتووی حکومەتی کرد لەبواری چاکسازییەکانی بانکی و ڕێبازەکەی بۆ چاکسازی لە بانکەکانی حکومەت بۆ پشتبەستن بە کۆمپانیا گەورە نێودەوڵەتییەکان و هەنگاوەکانی بەرەو کاراکردنی سیستەمی پارەدانی ئەلیکترۆنی.

هەر لە دیدارەکەدا باڵیۆزی فەرەنسا لە عێراق، ستایشی سیاسەتەکانی حکومەتی کرد لە چاکسازی لە دەروازە سنوورییەکان و گومرگەکان بۆ پەسەندکردنی سیستەمی ئاسیکودا و ئامادەکردنی بودجەی دارایی بۆ ماوەی سێ ساڵ.

کۆبونەوەکە بە ڕێککەوتنێك بۆ پێکهێنانی گروپی کار و پلانی کارکردن بۆ ماوەی 6 مانگ کۆتایی هات، لەگەڵ کۆبوونەوەکانی نێوان نوێنەرانی وڵاتانی گروپەکە و وەزارەتەکان و ڕاوێژکارانی سەرۆك وەزیران کە پەیوەندییان بە کارەکانی بەدواداچوونەوە هەیە و لە دوایشدا کۆبوونەوەیەك دەکرێت کە سەرۆك وەزیران سەرۆکایەتی دەکات بۆ هەڵسەنگاندنی ئەوەی پێشکەشکراوە.